سمینارێك لەسەر جینۆسایدی کورد لە کۆنگرەی ٢٣ ی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە شاری لاهای هۆڵەندا



تۆری (KONCICC) بە هاوکاری بەشێك لە رێکخراوەکانی تایبەت بە جینۆساید, لە چوارچێوەی کۆنگرەی 23ی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە شاری لاهای هۆڵەندا, رۆژی سێشەم 3-12-2024 کاتژمێر 8:30 بەیانی بۆ 9:45 بەیانی, لە هۆڵی (Antarctica), لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ASP23سمینارێك رێك دەخات بە ناونیشانی (مانەوەی شوێنەوارەکانی جینۆساید و کیمیاباران لە کوردستانی عێراقدا), تیایدا کۆمەڵێك دادوەر, پارێزەر, نووسەر, چالاکوان و قوربانی بەشداری دەکەن.

هاوکات پیشانگایەك لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان لە ئامادەکردنی وێنەگر باست عەبدلجەبار..... هەموو رۆژەکانی کۆنگرەکە نمایش دەکرێت.

- مامۆستا حەمەی حەمە ساڵەح ..... کاریگەری چەکی کیمیایی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لە کوردستانی عێراق ١٩٨٧ - ١٩٨٨

- دادوەری خانەنشینی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی عەباس حەمزە خدر ستاندارەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە هەڵسوکەوتی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

- پارێزەری خۆبەخش ئەیاد کاکەیی هەوڵەکانی قوربانیانی چەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجە بۆ بە دادگایی گەیاندنی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاوی

- قوربانی رزگاربوو دارا محەمەد عەلی ساڵەح ..... خەریك بوو زیندە بە چاڵ کرێم

- چالاکوانی جوتیاری عوبێد محەمەد داود شوان .....(کێشەی زەوی جووتیارانی کورد و تورکمان لە کەرکوك) مێژوو و دەرفەتەکانی چارەسەر .

پارێزەر رەمزیە محەمەد ساڵەح جەباری و چالاکوان مریەم کەریم فەتاح بەرەو رووبوونەوەی بە شودانی کچانی 9 سالانە لە عێراق وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی.

بەڕێوەبەری سمینار هێمن حەسیب .

ئامادەکاری سمینار عەلی مەحمود

بۆ پەیوەندیکردن: عەلی مەحمود : واتس ئاپ 009647503714620